# ئازادی کۆمەڵگای عێراق بەندە بە هاتنە سەرکاری جمهوری سۆسیالیستیەوە

رێبوار ئەحمەد

هەڕەشەی ئەمریکا بۆ بەرپێخستنی جەنگ و وێرانکردنی کۆمەڵگای عێراق، ئەگەر لە لایەکەوە ئەم کۆمەڵگایەی لەگەڵ مەترسی و کابوسێکی ترسناك بەرەوڕوو کردەوە، لەلایەکی دیکەوە هێزو حزبە بورژوازیەکانی بە ئومێدی دانیشتن لەسەر کورسی حوکمی داهاتوی عێراق سەرمەست کردوە. ئەو جەنگەی کە لە ڕوانگەی هەر ئینسانیکی ئازادیخوازەوە پێویستە بەری پێ بگیرێ، بۆ ئەوان بارانێکی ڕەحمەتەو دەبێ هەرچی زووترە بباریٚ. هەر لە ئێستاوە ئومیدە ڕەشەکانی خۆیان گرێداوە بەو بۆمب و باروتانەوە کە چاوەڕوان دەکرێت ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کۆمەڵگای عێراقی پێ ئاوەڕشێن بکەن. لەم چوارچێوەیەشدا بەگەرمی سەرقاڵی داڕشتن و ڕازاندنەوەی بەدیلەکانی خۆیانن بۆ ئایندەی عێراق. هەرچی هێزو تاقمی ناسیونال-شۆڤێنیستی عەرەبی و ناسیونال-عەشایەری کوردی و تەنانەت باندی کۆنەپەرستی ئیسلامی و جەنەراڵی عەسکەری دەست و پل خوێناوی کۆنە بەعسیش، بوونە بە گۆرانی بێژی دیموکراسی و پەرلەمانتاریزم. ئەم ڕۆژانە دەستەواژەکانی، دیموکراسی و پەرلەمانی و فیدراڵی و فرەحیزبی... لە بازاری هەرزانی سیاسەتی ئەمانەدا بە فروانی دەبەخشێنرێتەوەو تەنانەت ئەحزابی ناسیونالیستی کورد دەستوری بۆ دادەڕێژن.

بەلآم بە پیچەوانەی پروپاگەندەی چەواشەکارانەی ئۆپۆزیسیونی بورژوازیەوە، بڕیار نیە شەڕو شەپۆلی بۆمبارانی ئەمریکا نە ئازادی و نە ئەو دیموکراسیە ڕازاوەیەش بۆ خەڵکی عێراق بە دیاری بهینن، بەڵکو مەترسی هەڵگیرسان و بەرپێخستنی تراژیدی و کارەسات و سیناریۆیەکی ڕەش لە پاڵ ئەم ڕەوەندە کۆنەپەرستانەیەوە خۆی حەشارداوە. بۆیە ئەرکی خەڵکی ئازادیخوازو هێزەکانی لایەنگر لە ئازادی و ئینسانیەت تێکۆشانە بۆ بەرگرتن لەم کارەسات و سیناریۆیە. نابێ ڕێگا بدرێت کۆتایی هێنان بە دکتاتۆریەتی صدام حسین بکریتە بەهانەیەك بۆ خاپورو وێرانکردنی کۆمەلگای عیراق و کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکەکەی.

پێشتر سیاسەت و هەلویستی خۆمان لە بارەی ماهیەتی کۆنەپەرستانەو ئاکامە کارەساتبارەکانی شەڕخوازی ئەمریکاو پێویستی وەستانەوە بەرامبەری ڕوونکردوەتەوە. ئێمە بەپێچەوانەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی گوێ لەمشتی ئەمریکاوە لەدژی ئەم جەنگە رادەوەستین، بەلام سەرباری ئەمە لە جەرگەی هەر ئالوگۆریکدا کە بیتە پیشەوە وەکو هیزیکی چالاکی سیاسی هەولدەدەین بۆ بەرگرتن لە موسیبەتەکانی و داشکاندنی ڕەوتی ئالوگۆڕەکان بە قازانجی خەلك. هیچ گومانیش لەوەدا نیە کە ئازادی و پیکهاتنی ئالوگۆر لە ژیانی خەلکدا پیش هەر شتیك لە گرەوی رووخانی ڕژێمی فاشیستی بەعسدایە. ئەم ڕژیمە دەبێ بڕوات، ئەمە دەمێکە بووە بە حوکمی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی عێراق، بێگومان ئیمەو خەڵکی ئازادیخواز هەمیشەو لە هەموو هەلومەرجیکدا تیدەکۆشین بۆ جێبەجێکردنی ئەم حوکمە. بەلام هەرکات و بەهەر بۆنەیەکەوە

بيت كە باسى ڕووخانى ئەم ڕژێمە دڕندەيەو ئالوگۆر لە دەسەڵاتى سياسى دێتە پێشەوە، پرسيارێكى سەرەكى ئەوەيە كە ئەنجام و ئاكامى ئەو گۆڕانكاريە ڕواڵەتى و كۆنەپەرستانانەى دەيان ساڵى ڕابردوو لە دەسەڵاتى سياسى عێراقدا ڕوويانداوە، بەشى خەڵك تەنيا مەينەتى و بێمافى بووە، كەوايە ڕزگارى يەكجارى ئەم خەڵكە لە گرەوى چيدايە؟ چ نيزام و بەديلێك دەبێ لە عێراقدا بێتە سەركار؟ هێزە بورژوازيەكان وەڵامى جۆراوجۆريان بۆ ئەم پرسيارە هەيە، بەڵام هەموويان يەك ناوەڕۆكى ئەسڵىيان هەيەو لەوەدا گەڵاڵە دەبێت كە ئەوەى ڕوودەدات دەبێ هەر وەكو سيناريۆكانى ڕابردوو، ئالوگۆڕێكى ڕواڵەتى بێت لە دەسەڵات و، ماهيەت و قانونمەندى و بنەما سەرەكيە ئابورى و سياسى و كۆمەڵايەتيەكانى نەزمى ئێستا وەكو خۆى و بە دەست لێ نەدراوى بمێنێتەوە. ڕازاوەترين بەديلى ئەم هێزانە كە ديموكراسى پەرلەمانيە بە فرە حزبى و فيدراليزمەوە، هەمان ماهيەتى هەيە.

هەڵبەت نيزامى ديموكراسى پەرلەمانى لە چەشنى ئەو نمونانەى لە غەربدا هەيە تەنانەت بەدەر لە ناكۆكى و دژايەتى نمونەييترين جۆرى ئەو نيزامە لەگەڵ ئازادى و ئينسانيەت و خۆشبەختى خەڵكدا، بەڵام هاتنەسەركارى لە هەل و مەرجى عێراقدا جگە لە خەون و خەياڵێكى پوچ و بێبايەخ هيچى ترنيە. هيچ شتێك لەوە خەياڵ پلاوانەتر نيە كە چاوەڕوان بكرێت بەرەيەكى پێكهاتوو لە جەنەراڵى عەسكەرى و ناسيونال شۆفێنستى بەعسى زادەو ئاخوندو ناسيونال عەشايەرى كوردى و موريدەكانيان مژدەدەرى دەسەڵات و حوكمى ديموكراسى پەرلەمانيش بن. لە كاتيكدا چيكڵدانە فراوانەكانى نێو ئەمانە ئەو حزبە كورديانەن كە لە كوردستاندا ديموكراسى و پەرلەمانيان كرد بە پەندى زەمانە. كەچى ديموكراسى خوازەكانى عێراق ئەوەندە پوچ و بێمايەن كاتێك كە بيانەوێ بۆ فريوكارى بە موبالەغەوە پروپاگەندە بۆ ديموكراسيەكەى خۆيان بكەن، گفتى ئەوە دەدەن كە دەرس لە ئەزمونى ديموكراسى و پەرلەمانى وەپەنكراوى كوردستان وەردەگرن!

ئەم هێزانە سەرى زمان و بنى زمانيان باسى ڕزگارى خەڵك لە دكتاتۆريەتى صدام و بە ديهێنانى ماف و ئازاديەكانى خەڵكى عێراقە. بەڵام ئەوە ڕوون ناكەنەوە كە مەبەستيان كام ماف و كام ئازاديە؟ خەڵكى عێراق ئەمڕۆ بە دەست سەركوتى سياسى و هەڵاواردنى جنسى و ميللى و دينيەوە گيرۆدەن، لە دەست هەژارى و بێكارى و بێ خانەولانەيى بەدەنگ هاتوون، قانوون و دەستورو داب و نەريتى كۆنەپەرستانەى ئيسلامى و عەشايەرى و پياوسالارى هيچ خۆشى و شاديەكى بۆ ژنان و لاوان و خەلكى ئازاديخواز نەهێشتوەتەوە، ئەم خەڵكە هيچ بوارێكيان بۆ دەخالەت لە ژيان و چارەنوسى خۆيان و كۆمەڵگاكەيان نيە. بۆيە سەرەتايى ترين ماف و ئازادى ئەم خەڵكە تەنها لە ڕێگاى بەرپاكردنى سيستەمێكى سياسى مودێرن و سكولارى غەيرە قەومى و غەيرە دينيەوە مسۆگەر دەبێت كە دەستبەجێ بواربكاتەوە بۆ دەخاڵەتى ڕاستەوخۆى خەڵك لە دەسەڵاتى سياسى و بەڕێوەبردنى كۆمەڵگادا، ئازادى بێقەيدوشەرتى سياسى و جيايى دين لە دەوڵەت و يەكسانى هەمەلايەنەى مافى ژنان و پياوان و چارەسەركردنى مەسەلەى ميللى لە كوردستان و بەرەسمى ناسينى مافى جيابوونەوەو پێكهێنانى دەوڵەتى سەربەخۆ، وەكو بنەما

سەرەکیەکانی قانون و دەستوری ئەساسی وولات ڕابگەیەنێ. لە ڕووی ئابوریەوە هەژاری و نەداری و بێکاری و بێخانەولانەیی ژیانی جەماوەری خەلکی لە مەنگەنە داوە. بۆیە خەلك خوازیاری ژیانێکی تیروتەسەل و خۆشگوزەران و خانوبەرەی گونجاوو بەهرەمەندبوونن لە پێداویستیەکانی ژیانی هاوچەرخ.

بەلام هەموو ئەمانە هەر ئەو بنەما سادەو سەرەکیانەن کە بە توندی لەلایەن هەموو ئەو هێزو بەدیلانەوە دژایەتی دەکرین کە کیسەیان بۆ ئاکامی شەڕو بۆمبارانی ئەمریکا هەلدوریوە. بەدیل و بەرنامەو پلاتفۆرمی ئەوان ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر ئەم ماف و ئازادی و داخوازیانە دەوەستێتەوە. ئەوان دەیانەوێ لە جیاتی ئەم خواست و ئامانجە سادەو ڕۆشن و مەلموسانە، کۆلێك پروپوچی لە بابەت "یەکپارچەیی خاك، فیدرالیزم، فرە حزبی، دیموکراسی" دەرخواردی خەلك بدەن. ئەم هێزو بەدیلانە هەلگری بەدیل و پەیامی ئازادی نین بۆ خەلك و کۆمەلگای عێراق، بەلکو ئەمانە میراتگری دکتاتۆریەت و بێمافی و کۆنەپەرستی و مەحروم ڕاگرتنی خەلکی عیراقن.

بەدیل جمهوری سۆسیالیستیە

ئازادی واقعی کۆمەلگای عێراق و ماف و ئامانجە بەرزە ئینسانیەکانی خەلك بە هەموو ئەوانەوە کە لە پێشەوە باسکران، تەنها لە سایەی هاتنەسەرکاری جمهوری سۆسیالیستی و بەرپاکردنی کۆمەلگایەکی سۆسیالیستیدا فەراهەم دەبێت. ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەبێ هەنگاوێك بێت لە ڕێگای ژێرەو ژوور کردنی ئەو هەل و مەرجەو ئەو نەزمە ئابووری و کۆمەلایەتیەی کە سەرچاوەی گشت محرومیەت و بێ مافی ئێستا پێکدەهێنێ و ئەمڕۆ لەلایەن ڕژێمی بەعسی سەرمایەوە پارێزگاری لێ دەکرێ و ئەم ڕژێمەش هەر لەو پێناوەدا ملهوڕی و سەرکوت و کوشت و کوشتارو دیکتاتۆریەت و فاشیزم، بەڕێوە دەبات. مەرگی ڕژێمی بەعس دەبێ دەرگا بکاتەوە بۆ لێدان لە نەزمی سەرمایەو کۆیلایەتی بەکرێ و مولکایەتی تایبەتی، بۆ لێدان لەنیزامێك کە قازانج و کەلەکەی سەرمایە لەسەر بناغەی هەژاری و مەحرومیەت و موحتاجی بەشی هەرە گەورەی کۆمەلگا، دابین و مسۆگەر دەکات.

جمهوری سۆسیالیستی ئەو بەدیلەیە کە لەم ڕوانگەیەوە دەیەوێ ئاراستە بە ڕەوەتی ئالوگۆڕە سیاسیەکانی عێراق بدات و خەبات و تێکۆشانی کرێکاران و خەلکی زەحمەتکێش و هەموو ستەمکێشانی کۆمەلگا، بۆ پێکهێنانی ئالوگۆڕیکی بنەڕەتی لەژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و ڕزگاری یەکجاری لەچنگالی سەرمایەو کۆمەلگای چینایەتی ڕێنمایی دەکات.

جمهوری سۆسیالیستی نیزامێکە لە هەموو روویەکی سیاسی و ئابوری و قانون و دەستورو بەڕێوەبردنەوە جیاوازیەکی بنەڕەتی و هەمەلایەنەی لەگەل کۆمەلگای سەرمایەداری و ڕژێمە بورژوازیەکانی ئەمڕۆدا هەیە. نیزامیکی ئینسانی و سکولاری غەیرە قەومی و غەیرە دینیە کە دەست بەجێ تەواوی ماف و ئازادیەکانی خەلك لەبەرزترین ئاستی خۆیدا مسۆگەر دەکات. بناغەکەی لەسەر ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو دانیشتوان دانراوە. لە ڕووی

ئابوریەوە موڵکایەتی تایبەتی کە لە ئێستادا بۆ کەمایەتیەکی کەم مایەی کەڵەکەی سەرمایەی زۆرو زەبەندو بۆ زۆربەی زۆری کۆمەڵگاش مایەی نەبوونی و هەژارییە، هەڵدەوەشێنێتەوەو هۆیەکانی بەرهەم هێنان لە موڵکایەتی تایبەتیەوە دەگۆڕێ بۆ موڵکی گشتی کۆمەڵ. کاری بەکرێ لەبەین دەبات و ئیتر کارکردن وەکو ئەمڕۆ کە جەماوەرێکی فراوان لە پێناو بژێوی ڕۆژانەدا بۆ بەرژەوەندی کەمایەتیەکی خاوەن سەرمایەو هۆیەکانی بەرهەم هێنان و گۆڕێنەوە هەڵدەسوڕێن، لەبەین دەچێت و هەمووان لە پێناو خۆشبەختی گشتی کۆمەڵدا کار دەکەن. کار لە تەقەلایەکی کوێرانەوە بۆ بەدەست هێنانی نانی ڕۆژ دەگۆڕێ بۆ چالاکی‌یەکی داهێنەرانە لە پێناو خۆشبەختی گشتی‌دا. کارو دابەشکردنی بەرهەم لەسەر بناغەی مەبدەئی هەرکەس بەپێی توانای کار دەکات و هەرکەس بەپێی پیویستی دەبات، بەڕێوەدەچێت.

لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا دەسەڵات و بەرهەم هێنان لە پیناو خواست و پێویستی و ئازادی و حورمەتی ئینساندایە، نەك قازانج و کەڵەکەی سەرمایە بۆ کەمایەتیەکی سودپەرست. سۆسیالیزم نیزامێکی ئینسانی و ئازادو کراوەو پڕ لە شادیە، لەوێدا ئیتر چینەکان و جیاوازی چینایەتی و دابەش بوونی کۆمەل بۆ زۆرایەتیەکی برسی و هەژارو مەحروم لەلایەك و کەمایەتیەکی نوقم بووش لە نێو سەروت و سامان لەلایەکی ترەوە لەبەین دەچێت. پێداویستیەکانی ژیانێکی خۆشگوزەران لە بابەت دکتۆرو دەرمان، پەروەردەو فیرکردن، خانوبەرە، ئاوو کارەباو هۆیەکانی پەیوەندی و گواستنەوە، بە خۆڕایی بۆ هەموو دانیشتوانی وڵات دابین دەکرێت. ژنان و لاوان و منداڵان بە یەکجاری لە کۆتی داب ونەریتی دواکەوتوانەو هەڵاواردن و ستەمکێشی ڕزگاریان دەبێت و ژیانی پڕ لە شادی و خۆشیان بۆ پێکدەهێنرێت.

لە ڕووی سیاسی‌یەوە جمهوری سۆسیالیستی حکومەت و نیزامێکی شوراییەو هەموو دەسەڵات بە گشتی و لە هەموو ئاستەکاندا بە دەست شوراکانی خەڵکەوەیە کە هەم قانون دادەنێن و هەم قانون بەڕێوە دەبەن. بەرزترین ئاستی دەسەڵات کۆنگرەی سەراسەری شوراکانی وڵاتە. هەموو هاوڵاتیەکی باتر لە ١٦ ساڵ بە ئەندامی شورای ناوەندەکەی خۆی دەژمیردریت و لەو شورایەدا مافی دەنگدان و خۆ کاندیدکردنی هەیە بۆ هەموو پۆست و پلەوپایەیەك، هەروەها بۆ نوێنەرایەتی لە شوراکانی باڵاتردا (شورای نوێنەرانی شار، یان ناوچەو...تاد). لەم سیستەمەدا لێپرسراوان بۆ هەموو پۆستە سیاسی و ئیداریەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەرکاتیش ئەوانەی هەڵیانبژاردوون بیانەوێ دەتوانن لایان بەرن و کەسی دیکە لە جێگایان دابنێن. ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی دەبێتە قانونیکی ئەساسی لە وڵاتداو سوپای پیشەیی و پۆلیس و ئەمن و هەموو دەزگا جاسوسی و سەرکوتگەریەکان هەڵدەوەشێنەوەو هیزی میلیشیایی شوراکانی خەلك جیگای دەگریتەوە کە لەسەر بناغەی مەشقی سەربازی گشتی و بەشداری گشتی لە ئەرکە دیسپیلینیەکان و دیفاع لە کۆمەڵگاو ئەمنیەت و مافەکانی خەلك دامەزراوە.

سیستەمی شورایی جیاوازی‌یەکی هەمەلایەنەی هەیە لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانی و نیزامی دیموکراسی فرەحزبی‌دا، بە پێچەوانەی نیزامی پەرلەمانیەوە لەوێدا خەلك وەکیل بۆ خۆیان

دیاری ناکەن کە تا چەند ساڵی دیکە لە جیاتی ئەوان بڕیار بدەن‌و بەڕێوەی بەرن، بەڵکو نوێنەرانێك دیاری دەکەن بۆ بەریوەبردنی ئەو بڕیارانە کە خودی خەڵك لە شوراکانی خۆیاندا بە پێی بەرژەوەندی خۆیان پەسەندیان کردوە. لە کاتیکدا لە نیزامی دیموکراسی پەرلەمانیدا کەسانیك لە ڕێگای هەڵبژاردنیکی چەند دەقیقەییەوە دەکرێنە وەکیل‌و هەمەکارە لە جیاتی خەڵك‌و ڕۆژی دوای وەرگرتنی پەنجەمۆری خەڵك دەبینین لە دژی بەرژەوەندیەکانی هەر ئەو خەڵکە جۆرەها بڕیار دەردەکەن‌و بە زەبری دەزگای سەرکوت بەسەر خەڵکدا دایدەسەپینن. لە نیزامی شوراییدا خەلك هەرکاتێك بیانەوێ‌و ئیرادە بکەن دەتوانن ئەوکەسانەی بە نوێنەر هەڵیانبژاردوە، یان ئەوکەسانەی بۆ پۆستێکی سیاسی‌و ئیداری وولاٌت دەنگیان پێداون لابەرن‌و کەسی دیکە لە جێگایان دانین. ئەمە شتێکە کە دەکرێ ڕۆژێ دوای هەڵبژاردنی نوێنەر یان بەرپرس‌و بەرێوەبەری فلاٌنە پۆست ڕوودات. لە کاتێکدا لە نیزامی پەرلەمانیدا هەرلایەك بە هەر ڕێگاو فرت‌و فێلێك بتوانێ پەنجە مۆری خەڵك بەدەست بهێنێ‌و خۆی بگەیەنێتە سەر کورسی دەسەلاٌت ئیتر لانی کەم تا چوارساڵ دەبێت بە مل خەڵکەوە، خەلکیش هیچ دەسەلاٌتێکیان نییەو مەگەر پەنجەی پەشیمانی بگەزن. تازە ئەگەر وەکو پەرلەمانەکەی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بەدەوام خۆی عومری خۆی درێژ نەکاتەوە.

لە نیزامی شوراییدا شورکان هەم قانوون دادەنێن‌و هەم قانوون بەرێوە دەبەن‌و تا ئاخرین هەنگاو لە بەرێوەبردن‌و جێبەجێ کردنیشدا دەخاڵەتی ڕاستەوخۆیان هەیە، لە کاتێکدا لە نیزامی پەرەلەمانیدا پەرلەمان قانوون دادەنێت بەلاٌم دەزگایەکی دیکە بەڕێوەی دەبات. لە نیزامی شوراییدا ئیتر ئۆرگانە دەوڵەتی‌یەکان بەرامبەر بە خەلك هیچ دەزگایەکی سەرکوت‌و چەکدارو جاسوسیان بە دەستەوە نەماوە لە بابەتی ئەوەی ئێستا بە دەست دەزگا دەولەتی‌یەکانی نیزامی دیموکراسی پەرلەمانیەوەیە وەکو سوپای پیشەیی‌و پۆلیس‌و ئەمن‌و ..هتد. لەوێدا چەك بەدەست خەڵکە، هێزی چەکدار لە وولاٌتدا تەنها میلیشیایی شوراکانی خەلکە، ئەمەش زامنی ئەوەیە کە دەزگا دەوڵەتی‌یەکان هیچ زۆرێکیان لە بەرامبەر خەڵك نەبێت‌و نەتوانن هیچ زۆریك بەڕێوەبەرن.

نیزامی شورایی حکومەتی حزبی نی‌یەو ئەحزابی سیاسی حوکمرانی ناکەن. هاولاٌتیان بەدەر لەوەی سەربە هەر حزبێکی سیاسی بن یان سەر بە هیچ حزبێك نەبن ئەندامی شورای ناوەندەکەی خۆیانن. ئەحزابی سیاسی دەتوانن بەپێی ئەو پایەو نفوزەی لە نێو جەماوەردا هەیانەو بەو ڕادەیەی کە بەرنامەو سیاسەتەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندی‌یەکانی خەڵکدا جووت بێت، کاریگەری خۆیان لەسەر بڕیارو دەسەلاٌتی وولاٌت دابنێن. واتە دەبێ لە ڕێگای پەیداکردنی نفوزی زیاترەوە سیاسەت‌و بۆچونەکانی خۆیان بکەن بە هی خەڵك‌و بەم جۆرەش بیکەن بە هی شوراکانی خەڵك.

ئەگەر بمانەوێ لە یەك ڕستەدا پێناسەی جمهوری سۆسیالیستی بکەین، بریتیە لە : ئازادی‌و یەکسانی بۆ هەموو دانیشتوان. واتە رزگار بوونی کۆمەڵگا لە حاکمیەتی سەرمایەو پەیوەندی‌و دام‌و دەزگا دیلهێنەرەکانی ئێستا، رزگاری لە کۆیلایەتی بەکرێ‌و کۆت‌و بەندی چینایەتی‌و بێ مافی سیاسی‌و کۆنەپەرستی دینی‌و بیروباوەری دواکەوتوانە. رزگاری لە ستەمی دینی‌و میللی‌و

جنسی و هەموو جۆرە هەڵاواردنێك. واتە هەموو دانیشتوانی وولاّت بە دەر لەوەی کە سەر بە هەر دین و میللەت و جنس و نەژادێك بن هەم لەڕووی ماف و قانونەوەو هەم لە ئیمکاناتی ماددی کۆمەڵگا و دەست ڕاگەیشتن بە ئامرازەکانی پەرەپێدانی ئامادەییە فەردی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئینساندا یەکسانن. یەکسانیەك کە لە سەربناغەی هەڵوەشانەوەی موڵکایەتی تایبەتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەم هێنان و گۆڕینەوەدا دابین کراوە. جمهوری سۆسیالیستی زامنی ئەم ئازادی و یەکسانی‌یە دەبێت.

جمهوری سۆسیالیستی، بەدیل و بەیانێکی سیاسی پڕاوپڕی ئامانجەکانی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازە کە دەبێ هەرچی جەماوەری تربێتەوە. بۆ ئەوەی ئەم جەماوەرە بەرینە بە ڕۆشنی بزانن لە وەزعیەتی پڕ نەهامەتی ئێستاو لە نێو فریوکاری ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی و سیناریۆ کارەساتبارەکانیاندا، خەبات بۆچی دەکەن. ڕۆشن نەبوونی ئەمە دەبێتە خاڵێکی لاوازی خەباتی ئەوان لە دژی وەزعیەتی ئیستا. ئەم خەباتە بەبێ ئەوەی ئامانج و ئاسۆیەکی ڕۆشنی لەبەردەم بێت ناتوانێ پەرەبگرێ و بەسەرکەوتن بگات. دەبێ جمهوری سۆسیالیستی وەکو ئاسۆو ئامانجێکی ڕۆشن و ئینسانی بکریت بە ئالای خەباتی جەماوەری فراوانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخوازو ژنان و لاوان و گشت بزووتنەوە ئازادیخوازو یەکسانیخوازە جۆراوجۆرەکانی نیو کۆمەل کە بۆ رووخاندنی رژێمی فاشیستی بەعس و بەرپاکردنی نیزام و کۆمەڵگایەکی پڕ عەدالەت خەبات دەکەن. دەبێ ریز بەستنی هیزە سیاسی‌یەکان لە دەوری سیاسەت و ئامانجی دوو چینی کۆمەڵایەتی جیاواز، واتە چینی کرێکارو چینی بورژوازی شکڵ بگری. جمهوری سۆسیالیستی ئەو دروشم و بەدیلەیە کە دەبێ بەرەی کرێکارو ئازادی و ئینسانیەت لە دەوری ریزببەستێ.

وەلامی هیزە بورژوازیەکان بەم شیعارە تا ئەو جێگایەی بۆیان بکرێ سەرکوتە، لەو جێگایەشدا کە سەرکوت برەوی نەمێنێ، پەنا دەبەنەبەر چەواشەکاری و فریودان. دەڵێن: حکومەتی کرێکاری چی و جمهوری سۆسیالیستی چی؟! ئەمە خەیالە، سوپای دەوڵەتانی زلهێزی سەرمایەداری نابینن؟ ئەوە لەبەرچاو ناگرن کە هەموو خەڵك دوای دین کەوتوون؟ ئەوە نابینن کە خەڵکی کۆمەڵگا لە ڕووی فەرهەنگی‌یەوە دواکەوتوون؟ لەم کۆمەڵگا دواکەوتوەدا کوا کرێکار هەیە تا شۆڕشی پێ بکرێ و بتوانێ حکومەتی کرێکاری و سۆسیالیزم دامەزرێنێ؟ کوا لێرە پیشەسازی ئەوەندە گەشەی کردوە کە باسی سۆسیالیزم بکرێ؟ یان بۆ ئەم کارە زۆر زووەو، ئیمکانی نی‌یە، عەمەلی نی‌یەو خەیاڵیە !! .

گومان لەوە نیە کە بەدیهینانی ئەم شیعارە بەندە بە ئامادەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی جەماوەری چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشەوە. بەندە بە هۆشیاری و ریکخراوبوون و ریزبەستنی ئەم جەماوەرە لە دەوری سیاسەت و بەدیلی کۆمۆنیستی. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەم بۆ ئامادەکردنی ئەم هیزە تێدەکۆشێ و هەم لە بەشێکی بەرنامەی خۆیدا خواستە ئابوری و سیاسی‌یە ریفاهی‌یەکانی کریکاران و جەماوەری خەلکی خستوەتە روو، لە هەمان کاتدا کۆمەلە هەنگاویکی خستوەتە بەردەم خەباتی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش کە بە

جیٚ گەیاندنیان چەند هەنگاوی گەورە ئامادەییەکانیان لە پێناو ڕزگاری یەکجاریو بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیدا دەباتە سەرەوە. بەم جۆرەش لە ڕەوتێکی واقعیدا شیعاری ئازادی ، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری، دەکاتە شیعاری هەر ئەمڕۆی ئەم خەباتەو لە دەستوری خەباتی هەر ئەمڕۆی چینی کرێکارو خەڵکی مەحرومی عێراق دایدەنێ.

بەڵام بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی چەواشەکارانەی بورژوازیەوە زەمینە ماددیەکانی سۆسیالیزم زۆر دەمێکە بە تەواوی ئامادەو فەراهەم بووە، لانی کەم دەکراو دەتوانرا کە تەواوی ژیانی بەشەریەت لە سەدەیەك لەمەوبەرەوە لە سایەی سۆسیالیزمدا نوقمی شادیو خوشگوزەرانی بوایە. سەرچاوەکانی کەرەستەی خاوو تەکنۆلۆژیاو پیشەسازی بە ئەندازەی پێویست لەبەردەستی ئینساندایە، هێزی کاریش لەوپەڕی عەزیمی خۆیدایە، بەڵام بەشی گەورەی خەوێنراوەو بێکار ڕاگیراوە. جگە لە قانونمەندیو قازانجپەرستی سەرمایە هیچ مانعێکی دیکە لەبەردەم نیە بۆ ئەوەی ئەم توانا عەزیمەی بەرهەم هێنان لە پێناو پڕ کردنی کۆمەڵگا لە رفاهیەتو خانوبەرەو پیداویستیەکانی ژیانی ئینسان بەگەڕبخرێ. لە ڕاستیدا گەشەی بەرهەم هێنانو پیشەسازیو توانای داهێنەرانەی ئینسان لە دەمێکەوە بنەما ماددیەکانی کۆمەڵگایەکی پڕ لە خۆشگوزەرانیو سۆسیالیستی فەراهەم کردوە. دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە کە ئینسانەکان لە جیاتی ئەوەی لە بەرامبەرکێ لەگەڵ یەکتر رابگیرێن، دەستیان بخرێتە ناو دەستی یەكو بە هاوکاری دنیای خۆیان پڕبکەن لە خۆشیو شادی. بەڵام گرێی مەسەلەکە لە پراتێکی ئینساندا بووە بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجە. وەکو منصور حکمت دەڵی سۆسیالیزم ئامانجێك نییە کە بە شێوەی حەتمیو خود بە خود لە ڕەوتی مێژوودا بەدیبێت، بەڵکو بەندە بە پراتیکی ئینسانەوە، بەندە بە خەباتو تێکۆشانی چینی کرێکارو بەشەریەتی ئازادیخوازەوە. ئەگەر باش کاری بۆ بکرێو باش خەباتی بۆ بکرێ، هەر ئەمرۆ هەلومەرج ئامادەیە بۆ ئەمەو پێویست نییە بخرێتە سبەینێ. بەڵام ئەگەر باش کاری بۆ نەکرێو باش خەباتی بۆ نەکرێ بەدینایەت. ئەم ئالوگۆڕە بنەڕەتیە لە کۆمەڵدا بەندە بە هاتنەمەیدانی هێزی بەشەری بۆ پێکهێنانیو ئەمە تاکە مەلزوماتی بەرپاکردنی جمهوریەکی سۆسیالیستییە بۆ هەر ئەمرۆو رزگاری کۆمەلگای عیراقیش تەنهالە گرەوی جمهوری سۆسیالیستیدایە.